Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.900

# چالاكیی و سستیی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەكانی كەتیگۆریی ناو لە نواندنی ئەركە سینتاكسییەكانیاندا

**فاروق عومەر صدیق[1]، مستەفا ڕەزا مستەفا[2]**

**1بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان،زانكۆی سلێمانی**

**2بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردەوزمان، زانكۆی چەرموو**

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised: January ,2019

Accepted:February,2019

***Keywords***

مۆرفیمی ڕێزمانیی كەتیگۆری ناو، ناسراوكردن،نەناسراویی،كۆكردنەوە، بانگكردن، چالاكیی، سستیی، داتاو ئامار

***Corresponding Author***

Sarhad.mohammed@garmian.edu.krd


**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی چالاكیی و سستیی وەچەپۆلێكی دیاریكراو، لە مۆرفیمە گراماتیكییەكانی زمانی كوردیی، كە ئەوانیش (مۆرفیمە گراماتیكییەكانی كەتیگۆریی ناو)ن، بە هۆكاری بەرتەسكی سنوری ئەمجۆرە توێژینەوانە، بۆیە تەنها وەچەپۆلێكی دیاریكراومان هەڵبژاردووە و نەمانویستووە سەرجەم مۆرفیمە گراماتیكییەكانی زمانی كوردیی بخەینە بەرباس و لێكۆڵینەوەوە، بەڵكو لەم هەوڵەماندا دەمانەوێت تیشك و پرۆجێكتەری كارەكەمان تەنها لەو مۆرفیمە گراماتیكییانە بدەین، كە لەگەڵ كەتیگۆریی ناودا كاردەكەن و قسەكەری زمانی كوردیی بۆ دەربڕینی حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانیی فرێزو ڕستەی زمانی كوردیی بەكاریاندەهێنێت، هاوكات مەبەستیشمان لە چالاكیی و سستیی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەكردنە بۆ چەمكی (بەكارهێنان) چونكە ئەوە ڕوونە، كە مۆرفیمە بەندە گراماتیكییەكان مۆرفیمگەلێكی ئەكتیڤن لە بینینی ڕۆڵە سینتاكسییەكانیاندا، بەڵام لە ڕووی بەكارهێنانەوە بۆ ئاخێوەری زمان هەردوو فاكتەری كات و شوێن دوو چەمكی بنەڕەتیی و گرنگن بۆ ئەكتیڤ بوون و پاسیڤ بوونی مۆرفیمەكان لەڕووی بەكارهێنانەوە. كەواتە جگە لە فاكتەری فۆنۆلۆژیی و ڕێزمانی و شێوازیی لە دروستبوونی ئەلۆمۆرفەكانی مۆرفیمە جیاوازەكاندا، لایەنی سەرەكیی لە دیاریكردنی پلەی چالاكبوون و ناچالاكبوونی كەرەسەیەكی زمانییدا، فاكتەری (بەكارهێنان)ە لە قسەكردن و نووسیندا، واتە ڕێژەی چەندبارەبوونەوەو سنورفراوانی بەكارهێنانی مۆرفیمێك لە لایەن كۆمەڵی ئاخێوەرانەوە پێناسی ئەكتیڤبوون و پاسیڤبوونی كەرەسەیەكی زمانیمان بۆ دەردەخات، لەپاڵ ئەمانەشدا بۆ مۆرفیمە گراماتیكییەكان پێڕەوبەندیی و ڕوونیی و فرەجاریش دەرخەری پلەی ئەكتیڤبوون و پاسیڤبوونی مۆرفیمە گراماتیكییەكانن.هاوكات ڕێبازی توێژینەوەكەشمان، ڕێبازی پەسنی شیكاریی ئامارییە، هەوڵمانداوە قسەو بەڵگەكانمان بە ژمارەو ئامار شیبكەینەوەو بیخەینەڕوو. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (بەرهەمهێنان) بە بنەما وەرگیراوە، چونكە ویستوومانە ئەوە بخەینەڕوو، كە چۆن زمانەكەمان لەسەر بنەمای چەند مۆرفیمێكی بەندی گراماتیكیی دەتوانێت بێسنور حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی تایبەت بە (ناو –Noun) دروست بكات، لە كاتی قسەكردن و بەكارهێنانی ئەم مۆرفیمانە لەلایەن ئاخێوەرانەوە. لە كۆتاییشدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی لێكۆڵینەوەكە خراوەتەڕوو.

## پێشەكی : پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكان: Morphological Proses

پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكان لە زماندا بەشێوەیەكی گشتی هەردوو پرۆسەی وشەدروستكردن (compounding and derivation)و فۆڕمە وشەدروستكردن (Inflection) دەگرێتەوە. واتە " پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكان لە زماندا بریتین لە پرۆسەی وشەداڕشتن، كە هەڵگواستن و لەیەكدان دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفۆلۆژیی شكاندنەوە، كە لە سینتاكسدان. (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ٣٢). هەر لەمبارەیەوە (محەمەد عومەر عەول)، بە هێڵكارییەك پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكانی خستووەتەوەڕوو:

مۆرفۆلۆژی




کەواتە وەک لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ هەردوو پرۆسەی (وشە دروستکردن) و (فۆرمە – وشە دروستکردن)، جیاکراونەتەوە، یەکەمیان (وشە دروستکردن)، هەردوو پرۆسەی (وشە دارشتن/هەڵگواستن) و (لەیەکدان)، دەگرێتەوە.


**یەکەم**/ پرۆسەی وشەداڕشتن (derivational proses): لە مۆرفۆلۆژیدا بریتییە لە دروستکردنی وشەی نوێ بە زیادکردنی گیرەکەکان بۆسەر وشە و بناغەکانی تر، هاوکات جاری وایە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا پۆلی ئاخاوتن/پۆلەڕەگەزی وشەکان دەگۆڕێت، یاخود لەووشە پۆلی ئاخاوتنی وشەکە نەگۆڕێت. واتە " ئەرکی سەرەکیی پرۆسەکانی وشە هەڵگواستن، ئەوەیە، کە ئەو توانایە بە بەکارهێنەرانی زمان بدات، لێکسێمی نوێ بەرهەمبهێنن، کە بۆ پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان دەگەڕێنەوە. وەک ناو، کردار، ئاوەڵناو." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٣٣). واتە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە ڕۆنان و دارشتنی داتای نوێی زمانیی (وشەی فەرهەنگیی)، دیارە دارشتن و دروستکردنی وشەی فەرهەنگیش لەم پرۆسەیەدا لە ڕێگەی (گیرەک – Affixes)ەکانەوە دەبێت، کە لە شێوەی (پێشگر – prefix)، (پاشگر – suffix)، (ناوگر – infix)....دا دەبێت.

**دووەم**/ پرۆسەی لەیەکدان: ئەم پرۆسەیەش بە هەمان شێوەی پرۆسەی دارشتن/هەڵگواستن، سەر بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنەوە دەرکردەی ئەم پرۆسەیەش دەچێتە فەرهەنگەوەو فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و بە بەراورد لەگەڵ پرۆسە/ڕێگەکانی تری دروستکردنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان لە هەموویان چالاکترەو وشەو دەرکردەی ئەم پرۆسەیە، مەودایەکی فراوانی لە گەنجی وشەکانی زمانی کوردیدا داگیرکردووە، هەربۆیە پرۆسەی لەیەکدان " بریتییە لە پرۆسەی زیادکردنی بناغەی وشەیەک بۆ لای بناغەی وشەیەکی تر یان زیاتر بۆ بیناکردن و دروستکردنی وشەیەکی نوێی لەیەکدراو." (شحدە فارغ ...&:٢٠٠٦: ١٣٢)، واتە پرۆسەی لەیەکدانی دوو بناغەی وەک یەک یان جیاواز لە ڕووی کەتیگۆریی فەرهەنگی وشەکانییەوە دەگرێتەوە، وەک: (ناو + ناو = وشەیەکی لێکدراو = دارتوو، داربەڕوو....&)، وشەکان هەمان بناغەیان هەیە لە ڕووی کەتیگۆرییەوە، (ئاوەڵناو + ناو/ ئاوەڵناو +ناوبەند+ناو = وشەیەکی لێکدراو = ڕەشماڵ، سورەماسی، ....&)، (ناو + ڕەگی کردار = وشەی لێکدراو = سەرتاش، خوێنمژ، ......&)، بناغەی وشەکان کەتیگۆریی جیاوازیان هەیە. هەروەها لە پرۆسەی لێکدانی وشەدا دروستەی وشەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕەچاوی دوو یاسای بنەڕەتی دەکەن:

بناغە + بناغە = وشەیەکی لێکدراو ............................یاسای ١داربەڕوو، ڕەشماڵ، شاهەنگ، شادەمار، سەرتاش، گەشبین، ڕووخۆش، ........&

بناغە + م.ناوبەند + بناغە = وشەی لێکدراو ............... یاسای ٢
گوڵەگەنم، گوڵەباخ، سوروسپی، لەرزوتا، ڕووبەڕوو، دەستبەسەر، چاولەدەر، پشتاوپشت.....&

هەربۆیە پرۆسەی وشەدروستکردن (دارشتن و لێکدان) لە زمانی کوردیدا دوو پرۆسەی گرنگی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی زمانی کوردیین و بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:




3

**سێیەم**/ پرۆسەی فۆڕمە –وشە دروستکردن (شکانەوە): ئەم پرۆسەیەیان جیاواز لە دوو پرۆسەکەی تر، پرۆسەیەکی سینتاکسییەو، بریتییە لە شکانەوەی کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)، لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانەوە، واتە پرۆسەیەکی سینتاکسییەو دەرکردەکەشی ئەو فۆرمە – وشانە دەگرێتەوە، کە دەربڕی حاڵەتی جیاوازی سینتاکسیین لەناو ڕستەداو لە ڕێگەی مۆرفیمە گراماتیکییەکانەوە نوێنراون، واتە " قەدە –وشەی هەندێک جۆری وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بە فۆرمی جۆراوجۆرەوە بەرجەستەدەکرێن، کە یاسابەندانە گۆکردنی سینتاکسی – سیمانتیکی جیاوازیان پێدەردەبڕدرێت." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ٢٤٢). بۆ نموونە پرۆسەکانی (دیاریکردن و دیارینەکردن و کۆکردنەوە)ی کەتیگۆریی (ناو) لە ڕێگەی پرۆسەی (شکانەوە)و بە مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی تایبەت بە کەتیگۆریی ناو جێبەجێدەکرێن. وەک:

(محەمەدی مەحوی) پێی وایە، کە مۆرفیمی /-ان/ مۆرفیمێکی شکانەوە نییە، بەڵکو زۆرتر مۆرفێمێکی هەڵگۆڕزەری derivational morpheme وشە دروستکەرە. (سەرچاوەی پێشوو: ٦٩). هەرچەندە لەمرووەوە ئێمە پشتگیری بۆچوونەکەی (د.محەمەدی مەحوی) دەکەین، کە بەپێی سروشتی نموونەکان /-ان/ مۆرفیمێکی دارێژەرەییە، بەڵام پێمانوایە، لەبنەڕەتدا مۆرفیمێکی بنەڕەتیی چەمکی کۆکردنەوەی ناوە لەزمانی کوردیدا، واتە بەپێچەوانەی بۆچوونەکەیانەوە کە دەڵێن: " /-ان/ مۆرفیمێکی چالاکی وشەدروستکردنەو توخمێکی کەمتر چالاکی سینتاکسە." (محەمەدی مەحوی:٢٠١١: ٦٩). بەبەڵگەی ئەوەی، کە ئەو وشانەی لەئێستای زمانەکەدا وشەی فەرهەنگیین و مۆرفیمی /-ان/یش وەک مۆرفیمێکی دارێژەریی دەردەکەوێت، بەڵام لەرووی سیمانتیکییەوە هەموویان هەڵگری ژمارەی کۆن، نەک تاک، بۆ نموونە ئەگەر تێبینی ناوەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەیت، کە بەهەردوو فۆرمی تاک و کۆ بەکاریان دەهێنین:

١- پیاوماقوڵانی گوندەکەمان کێشەکەیان چارەسەرکرد.

٢- پیاو ماقوڵ ئەو کەسەیە، کەڕێزی خەڵکی بگرێت.

٣- ئێواران دەچین بۆ سەیری شانۆ./ هەموو ئێوارەیەک دەچین بۆ سەیری شانۆ.

٤- ئێوارە دەچم بۆ سەیری شانۆ.

یاخود بۆ نموونە لە وشەکانی وەک: (ناوگردان، ناوشاخان، بابان، سۆران ...&)، کە هەردوو سیمای (+زۆری، +شوێن)، تیایدا یەکیان گرتووە، بۆیە (زۆر)یش وەک وشەیەکی ڕادە جارێکی تر ئاماژەیە بۆ چەمکی کۆ، کەواتە ئەمانیش لە بنەڕەتدا هەڵگری چەمکی کۆن، واتە (ناوشاخان) واتە شوێنێک کە کەوتبێتە ناو چەند شاخێکەوە، (ناوگردان) شوێنێک کە کەوتبێتە ناو چەند گردێکەوە، (سۆران) بەو شوێنە دەوترێت، کە لە رووی سروشتییەوە ڕەنگی خاکی ناوچەکەی (سۆر/سوور) بێت. کەواتە ئەم قسانەمان ئەوە دەسەلمێنێت بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی (د.محەمەدی مەحوی)یەوە ئێمە پێمانوایە مۆرفیمی /-ان/ مۆرفیمێکی چالاکیی سینتاکسییە بۆ دەربڕینی چەمکی کۆ لەزمانی کوردیدا و چەمکێکی کەمتر فەرهەنگییە، هاوکات لە دەربڕینی چەمکە فەرهەنگییەکەشدا واتای کۆ لەو نموونانەی سەرەوەدا هەر روونەو دیارە، واتە دەتوانین بڵێین ئەو وشانەش بە پرۆسەیەکی سینتاکسیدا جارێکی تر گەڕاونەتەوە ناوفەرهەنگ و بوونە بە وشەی فەرهەنگی نەک بە پێچەوانەوە لە فەرهەنگەوە هاتبێتنە ناو سینتاکسەوە، هەروەک چۆن ئەم دیاردەیە لەگەڵ مۆرفیمی /-ەکە/ی ئاشکراکردنی ناویشدا ڕوودەدات، بۆ نموونە وەک وشەکانی: (کارەباکە، سەهۆڵەکە، بەریدەکە، دارەسووتاوەکە، ...&)، کە ئەمە فاکتەری سینتاکسە بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ نەک بەپێچەوانەوە لە فەرهەنگەوە هاتبێتنە ناو سینتاکسەوە.

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی /-ان/: فۆڕمی سەرەکی کۆکردنەوەی ناوە گشتییەکانە لەزمانی کوردیدا و ئەو ناوەی، کە دەچێتە سەری پێویستە بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری سیماواتاییەکانی: {+گشتی، +کۆنکرێت، +ژمێرراو، + دوادەنگی کۆنسۆنانت} بێت، واتە " نیشانەی ڕەسەن و سەرەکیی کۆی ناو (-ان)ە." (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٤٧). بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە:

بناغە + /-ان/ = ناوی کۆ

پیاوان، ژنان، منداڵان، کوڕان، کچان، خوشکان، شاران، مشکان، کێوان، کەوان، چاوان، شاعیران، باخان، ماڵان، کۆڵانان، شەوان، ڕۆژان، ....&، هەروەها مۆرفیمی ڕێزمانی /-ان/، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەگەڵ جێناوەکانی دەستەی خاوەنێتیدا دێت، بەمشێوەیەی خوارەوە، کە لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو:

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | م+ان = مان |
| دووەم | ت | ت+ان = تان |
| سێیەم | ی | ی+ان = یان |

خشتەی ژمارە (٣) جێناوەکانی دەستەی خاوەنێتی

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | م+ان = مان |
| دووەم | ت | ت+ان = تان |
| سێیەم | ی | ی+ان = یان |

هەروەها لەگەڵ جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی کۆدا بەپێی یاسا دەرکەوتنێکی ڕێک و پێکی هەیە، بەڵام لەگەڵ کەسی یەکەم و دووەمدا پێڕەویی لە یاسای کۆی /-ان/ ناکات، هاوکات لەگەڵ جێناوە نیشانەکانیشدا بەهەمانشێوە دەرکەوتنێکی پێڕەوبەندانەی هەیە. وەک: خشتەی ژمارە (٢، ٣).

خشتەی ژمارە (٤) جێناوە سەربەخۆکان

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | منان* (ئێمە) |
| دووەم | تۆ | تۆیان* (ئێوە) |
| سێیەم | ئەو | ئەو+ان = ئەوان |

خشتەی ژمارە (٥) جێناوەکانی نیشانە

| ژمارە | نزیک | دوور |
|---|---|---|
| تاک | ئەمە | ئەوە |

